## ماڵپەڕەکە بەکاربهێنە

هەموو کاتێك دەتوانیت لە ماڵپەڕی کتێبخانەکە سەردانی کتێبخانەکە بکەیت. لێرە دەتوانیت زانیاریی و دەنگوباس بخوێنیتەوە لەبارەی ڕووداوەکانی کتێبخانە جۆراوجۆرەکان لە ئۆرەبرو. لە کتێبخانەی شار (Stadsbiblioteket) زۆر کتێب هەیە بۆ منداڵ و پێگەیشتووان بە زمانی تر بێجگە لە زمانی سوێدی. دەتوانی لە ماڵپەڕەکە حیسابێك (konto) بۆ خۆت بکەیتەوە بە ژمارەی کارتی قەرزکردنەکەت (lånekortsnummer) و ژمارەی ناسینی کەسیت (PIN-kod). پاشان دەتوانیت ببینیت چیت قەرزکردووە لە کتێبخانە و چ بەروارێك دەبێ بیانگەڕێنیتەوە. هەروەها دەتوانیتیش جارێکی تر قەرزیان بکەیت یان هەڵبگیرێن بۆت لەلای کتێبخانەکانی تری ئۆرەبرو .

کتێبخانەی نێونەتەوەیی لە ستۆکهۆڵم ماڵپەڕێکی هەیە کە لەوێ دەتوانیت دەنگوباسی کتێبخانەکان و زانیاریی بخوێنیتەوە لە بارەی زۆر کتێب بە زمانی جۆراوجۆر.

## کتێبخانەکە بەکاربهێنە

### پەیداکردنی کارتی قەرزکردن

وەرگرتنی کارتی قەرزکردن لە کتێبخانە بە خۆڕاییە. ناسنامەکەت ببە لەگەڵ خۆت بۆ کتێبخانەیەك و لەوێ ئێمە یارمەتیت دەدەین بۆ وەرگرتنی کارتی قەرزکردن.

### کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت

لە کتێبخانە دەتوانیت کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بەکاربهێنیت ئەگەر کارت قەرزکردنت هەبێ لە کتێبخانەیەکی ئۆرەبرو. هەروەها دەتوانیتیش چاپ و کۆپییەی کاخەز بکەیت بە پارە.

### ڕێسای قەرزکردن

ئەگەر دوابکەویت لە گەڕاننەوەی ئەو شتانە کە وەریانت گردووە لە کتێبخانە، دەبێ مزی بدەیت. ئەگەر شتی قەرزکراوی کتێبخانەکە بزربکەیت، دەبێ پارەی بدەیت.

لەوانەیە نامەی بەبیرهێنانەوە بۆت بێت بەهۆی ئیمێلەوە یان کورتەنامەی مۆبیل (sms) چەند ڕۆژێك پێش بەرواری گەڕاننەوەی شتە قەرزکراوەکانی کتێبخانەکە. بەڵام تۆ خۆت بەرپرسیاری لە یادنەکردنی کاتی گەڕاننەوەی شتە قەرزکراوەکانی کتێبخانە ئەگەر نامەی بەبیرهێنانەوەت بۆ هات یان نا. دەتوانیت تەلەفۆن بکەیت یان ئیمێل بنێریت بۆ کتێبخانەکە ئەگەر کاتی گەڕاننەوەی شتەکان لە یادت نەبوو.

### بەلاوەنانانی کتێب

دەتوانیت حیجزی کتێب بکەیت لە کتێبخانە لە ئۆرەبرو و دەستنیشانی ئەو کتێبخانەیە بکەیت کە دەخوازیت کتێبەکان لێی وەربگریت. ئەمە دەتوانیت بیکەی بە کردنەوەی حیسابێك لێرە لە ماڵپەڕەکەمان یان تەلەفۆن بۆمان بکەیت یان ئیمێل بۆمان بنێریت بۆ کتێبخانەکە. پاشان پەیامێك وەردەگریت کاتێك کتێبەکە هەبێت لە کتێبخانەکە بۆ وەرگرتن و ئەو کاتە دەبێ لە ماوەی یەك هەفتەدا ئەو کتێبە بهێنی لە کتێبخانەکە.